## لێدوانەکەی ئەردۆغان ...
## بەرهەمی ڕەنجی گەریلاکانە نەك دیموکراتیزە کردنی تورکیا



محمد حسین
Mihamad_79@yahoo.com

سەردانەکەی ئەم دواییەی سەرۆك وەزیرانی تورکیا بۆئامەد و بەشێوەیەکی فەرمی داننانی بەکێشەی کوردا وەك کێشەیەکی سیاسی هەمووتورکیا , پێشکەوتنێکی گرنگ پێك دێنێت لەدۆزی ڕەوای کوردا لەم بەشەی کوردستان . ئەم پێشکەوتنە بۆجارێکی تریش ئەو ڕاستیەی سەلماند کەوا ئێستایش هەر لولەی تفەنگی گەریلاکان گرانتی جولاٌندنی کێشەی کوردە لەتورکیادا , کە وەك بینیمان نە پێش مەرجەکانی یەکێتی ئەوروپا و نەداواکاریەکانی تری دیموکراتیزەکردن لەتورکیا هیچیان ئەو کاریگەریەی نەبوو کەوا بکات بەو شێوە فەرمیە ئەردۆغان بێنێتە بەر پای دان نان بەواقعیەت و گرنگی کێشەکەدا . ئەم داننانە و کاتە حەساسەکەی دەکرێت بەئەنجامی چەندفاکتەرێك ببینرێت کەگرنگترینیان کۆبونەوەکەی ئەم دواییەی وڵاتانی دراوسێی تورکیاو عیراق بوولەئەمریکا , لەگەڵ ئەمەشدا پێداگریەکانی کاربەدەستە ئەمریکیەکان بۆرێگە گرتن لەهاتنەناوەوەی تورکیا بۆناو عیراق لەدژی گەریلاکانی pkk . بەلاٌم ئەم فاکتەرەو هەرفاکتەرێکی تریش لەئەمڕۆدا ڕۆڵێکی هەبێت لەم پێشکەوتنەدا هەر پەیوەندی دارە بەو جموجوڵە سەربازیەوە کەلەم دواییەدا لەکوردستانی باکوردەستی پێکردووە , هەموو جارێك کورد تا پەنای نەبردبێت بۆچەك کەس ئامادە نەبووە گوێی لێبگرێت, ئەم ڕاستیە کۆن و تائێستایش هەر تازەیە تەنها فاکتەری پشت هەمو ئەو دانوستاندنانەیە کەکوردی بردۆتە سەر مێزی دیالۆك لەگەڵ داگیرکەرەکانیدا . بەم دواییانە گۆڕانکاریەکانی دنیاو ئەو واقعە تازەی گلۆبالیزەیشن دروستی کردووە بڕوایەکی وای دروست کرد کەئێستا زەمەنی دیموکراسیەت و کرانەوەی سنورەکان و گۆڕانی دنیا بۆگوندێکی کەونی و ... هتد , ڕەوشێکی وای دروستکردووە ئیتر باوی ئەوە نەماوە بەچەك کێشەی کورد پێش بخرێت ,بەلاٌم ئەم گەشبینیە هەر زوو فشۆڵی دەرکەوت , هەرچەندە ناکرێت بایەخی ئامرازەکانی تری دبلۆماسیەت و کاری ڕاگەیاندن و ... هەمو ڕێگەکانی تریش لەبەر چاو نەگیرێت , بەلاٌم لەنەگبەتی کوردا دوژمنەکانی ئەوەندە دواکەوتوانەو کەلەڕەقانە تەماشای کێشەکە ئەکەن تالولەی تفەنگەکان گەرم نەبێت هەست بە پێویستی چارەسەری سیاسی کێشەکان ناکەن .. بەهەر حاڵ ئەردۆغان هەنگاوێکی بوێرانەی نا بەلاٌم هێشتا ئەوەی نەکردووە کەتەواو نیەت پاکی حکومەتەکەی دەربخات بۆچارەسەرێکی سیاسیانەی کێشەکە , نەك کات بەسەربردن . چونکە وەك لەلێدوانەکەیدا دەرکەوت ئامادە نیە لەگەڵ pkk و کۆنگرەی گەلدا وەك نوێنەری سیاسی کێشەکە دانوستاندن بکات , ئەو چارەسەرەیش کە پێشنیاری کردووە (( دیموکراتیزە کردنی زیاتری تورکیا )) هێندە تەمو مژاوی و گشتیە بەبێ وردکرنەوەیەکی جدی ناکرێت هیچ هیوایەکی لەسەر بینا بکرێت . لایەنێکی تری لێدوانەکە بۆنی ئەو فێڵە کۆنەی لێدێت کەداگیرکەرانی کوردستان هەمیشە ویستویانەبەدانوستاندن کورد و بزتنەوە سیاسیەکەی لێك دابڕن , یان چارەسەرێکیان خواستووە کە بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردی تیا بکەنە دەرەوەی هاوکێشەکەوە . لەحالێکی وادا هەم ئەیانەوێت بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکە دابڕن لەخەڵکی کوردستان و هەم لەڕێگەی داتاشینی نوێنەرانێکی سیاسی ساختەوە بۆنوێنەرایەتی کردنی کورد ئەیانەوێت بەو جۆرە چارەسەریەکان بسە پێنن کە خۆیان ئەیانەوێت , هیوادارم بەهەڵدا بچین و

هەنگاوەکەی تورکیا ئەم مەبەستەی لە پشتەوە نەبێت , بەلاّم ئەو حاشا کردنە کوتوپڕەیان لەقبوڵکردنی pkk وەك نوێنەری سیاسی کێشەکە گومانێکی لەم جۆرە دروست ئەکات . کەبێگومان فێڵێکی وەها قەت سەرکەوتوو نەبووە لەهیچ بەشێکی کوردستاندا .

ئەو مافە کولتوری و ڕوناکبیریەی ئەمڕۆ تورکیا بەکوردی ڕەوا ئەبینێت بەبەراورد بەو فاشیەتەی پێشتر زمانیکوردی قەدەغە کردبوو دەسکەوتێکی گەورەیە , بەلاّم ئەم دەسکەوتەو هەردەسکەوتێکی تریش کەکورد هیوایەکی بە بەدەستهێنانی هەبێت لەدواڕۆژدا , گرێدراوی ئەو فشارەیە گەریلاکان دروستی ئەکەن لەچیاکانەوە ,چونکە تائێستایش لۆژیکی شەڕ هاوکێشە ی کورد – تورکیا ئەجولێنێت . ئەم پێشکەوتنەیش جارێکی تر کورتبینی ئەو لایەنانەی سەلماند کەتەواو نائومێد بون لەخەباتی چەکداری لەکوردستانی باکوردا .ڕاستە شەڕ بەر لەهەمو شت ژێرخانی ئابوری کوردستان لاواز ئەکات و ژیانی ئاسایی زۆر ناوچەیش تێك ئەدات , بەلاّم ئەوە کورد نیە کەشەڕی کردبێتە تەنها خیاری هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ دۆزەکەیدا . ئەمڕۆ هاوکێشەکانی ناوچەکە زۆری گۆڕاوە , کێشەی کورد لەهەمو بەشەکانی تری کوردستان گەرمتر بۆتەوە ,ڕۆژهەلاّتی کوردستانیش دوای خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەو سەرکوتکردنی لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە بەئاگرو ئاسن , خەریکە ئەچێتە قۆناخێکەوە کەچەك بۆهەڵگرتنی تەنها ڕێگەیەك بێت , چونکە ئێستا خۆپیشاندانە هێمنەکانیشیان بەگولە و دەستڕێژکردن وەلاّم ئەدرێتەوە , لەگەڵ دوژمنێکی وەهادا جگە لەخەباتی چەکداری مەگەر هەر پەنا بۆسیحر ببرێت . ئامادەیی ئەمریکا بەو جۆرەی ئێستا ی لەعیراق دوو ئەگەر دروست ئەکات , یان ئەوەتا فشاری زیاتر ئەخاتە سەر تورکیا بۆگۆڕانکاری بەئاراستەی چارەسەرکردنی سیاسیانەی کێشەکە , یان ئەوەی ئەویش دەبێتە لایەنێکی دژ بەخەباتی چەکداری ... کەخۆشبەختانە ئەگەری یەکەمیان ئەمڕۆ ئەگەرێکی زاڵە , چونکە ڕێکەوت نیە لەم کاتەداو دوای تێهەڵچونەوەی تورکیا لەگەڵ ئەمریکادا بۆکێشەکە ئەم گۆڕانە لەهەڵوێستی تورکیادا ڕوئەدات . بەلاّم لەهەر حاڵەتێکیاندا تەنها کارتێکی فشار بەدەست کوردەوە هێزی گەریلاکانیەتی , تەنها ئەم هێزەیشە ئەوە دیاری ئەکات چەندە ئەوانی تر ئامادەن گوێی لێبگرن , من ئەزانم ئەمە حەقیقەتێکی تاڵە . زۆرگرانە بۆئەوەی ساکارترین مافت بەدەست بێنیت ناچاری ئەوەبیت بەچەکێکەوە بچیتە شاخ و خۆت لەهەموو بەسەربردنێکی ژیانی ئاسایی بێبەش کەیت , بەلاّم ئەوە قەدەری کوردەو ئەبیت شاندەینە بەری . تائێستایش پێکهاتەی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیرکردووە بەجۆرێکی وا دڕندانەو دیکتاتۆریانەیە هیچ خیارێکی بۆکورد نەهێشتۆتەوە جگە لەچەك و چیاکەی .. ئەو دووهاوڕێی کەهەمیشە داینەمۆی شۆڕشەکانی بووە . دیارە تابەرامبەرەکەت بەم عەقڵیەتە بیربکاتەوە بەبێ چەك قەت کورد ئەوەی پێناکرێت ببێتە لایەنێکی کارا لەهاوکێشەکەی خۆیدا .